# شێرکۆ فەتاح:

## پەیتا پەیتا بەسەرهاتی گەشتەکانم لەگەڵ ئەزمونی گێڕانەوەکانی خۆمدا تێکەڵدەبن و لەو ڕێیەوە شتەکان قاڵبێکی ئەدەبی وەردەگرن



لەئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

ژمارە
2
ئەیلول
2016

(گەشتی تاریک)ی ڕۆمانێکی نوێی (شێرکۆ فەتاح)ە و بەئەڵمانی نووسیویەتی و هەر لە ئەڵمانیاش چاپ و بڵاوکراوەتەوە. شایەنی وتنە ئەمە سێهەمین ڕۆمانی شێرکۆ فەتاحە، کە لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاودەکرێتەوەو ئەوەی جێگەی سەرنجیشە ئەوەیە، کە ڕۆمانەکانی شێرکۆ لەلایەن خوێنەری ئەڵمانییەوە پێشوازییەکی باشیان لێدەکرێت.

ڕووداوەکانی سێهەمین رۆمانی شێرکۆ، لە عیراقی ژێردەستی سەدام حسێنەوە دەستپێدەکەن. کاراکتێری سەرەکی لەوێ لەدایکدەبێت و گەورە دەبێت و دواتر وەک تیرۆریستێک پەروەردە دەکرێت، پاشان لە باخیرەیەکدا وەک ڕێبوارێکی کوێر بەرەو ئەوروپا سەفەردەکات . دواجار دەگاتە بەرلین، بەڵام بەینی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوادا لەوە ئاڵۆزترە، هەتا بتوانێت لەوێ (لە ڕۆژئاوا) هەست بەخۆماڵێتی خۆی بکات.

لەحیکایەتەکەی (شێرکۆ فەتاح) دا جوانی و سامناکی لەحزەکانی سەفەر و گەڕان و ژیان تا ڕادەی پێکەوەنووسان لێکەوە نێزیکن. لەم ڕۆمانەی سێهەمیدا، تێبینییە لاوەکی و گوژمە بەهێزەکانی، بەرتیلێکن بۆ ڕەزامەندی خوێنەر. حیکایەتی کەریمی لاو، کەئەو دەیگێڕێتەوە، لە سەردەمی سەدام حسیندا دەستپێدەکات، لەکاتێکدا سوپا تەنها لەبێتاقەتی و بێزاریدا و بۆ ترساندنی گەلی کورد سەرقاڵی کوشتارییە، کەریم وەک باوکە عەلەویەکەی فێری پیشەی چێشتکەری دەبێت و لەسەری پێویستە چێشتخانەکەی باوکی بەڕێوەبەرێت. پاش ئەوەی بکوژەکانی سەر بەدەزگای سیخوڕی لە پێش چاوی خۆیدا باوکی دەکوژن، لەلایەن جەنگاوەرەکانی خوداوە دەفرێنرێت و لەمۆڵگەیەکدا دەکرێت بەتیرۆریست. لەوێ لەمۆڵگەکانی ئەواندا لەسەر چیایەک دەژی، لە هەڵکۆڵینەوەی گۆڕ و ڕەمیکردندا بەژدار دەبێت، هەتا دواجار دەتوانێت هەڵبێت.

ناونیشانی ڕۆمانەکە کەریم وەک ڕێبوارێکی کوێر نیشاندەدات، ڕێبوارێک، کە هەوڵدەدات لە مەخزەنە تاریکەکانی بارەکانەوە بگاتە ئەوروپا. لە بەشی سێهەمدا (کەشتی تاریک) دەبێتە ڕۆمانی شارێکی گەورەی خۆشەویستی و غوربەت.

کەریم دەڕوات بۆ بەرلین و لەوێ لەلای مامێکی دەژی، بەڵام ئەو ناتوانێت لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاواییدا هەڵکات و ناتوانێت هەست بەخۆماڵێتی خۆی بکات. ئەو توندوتیژییەی، کە ئەم دەیویست لە دەستی ڕزگاری ببێت، ئەم بەر نادا. وێناو خەیاڵ و پێکەوە ژیانی لەگەڵ کچە خوێندکارێکی هۆشیاری بەرلینیدا یەک ناگرنەوەو تەنهایی ئەو، غوربەت و هێزی ئەو دینە دەبینێت، کە وەک شتێکی نیشتمانی بەسەریدا سەپێنراوە،

دینێک، کە لای جەنگاوەرەکانی خودا تەنها خاوەنی سروشتێکی ڕیتوالی بووە.

شێرکۆ فەتاح ئەم ڕۆمانە بە گێڕانەوەیەکی موغامەراتیی پڕتەوس دەگێڕێتەوەو لە هێچ شوێنێکدا کۆمێنت و هەڵسەنگاندن نادات، چونکە متمانەی تەواوی بەگێڕانەوەهەیە.

شایەنی وتنە شێرکۆ بۆ نوسینی (کەشتی تاریک) گەشتێکی عێراقی کردووەو لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دواوە، کە دژی جەنگاوەرەکانی خودا جەنگیوون. ڕۆمانەکەی هێندە نێزیکی واقیعە، وەک ئەوەی شێرکۆ خودی خۆی لەجەنگدا بەژدار بووبێت و لە نێزیکەوە لەگەڵ جەنگدا ژیابێت.

زۆرێک لە ڕۆژنامە ئەڵمانیەکان باس لەوە دەکەن، کە لەگەڵ شێرکۆدا دەنگێکی نوێ دێتە ناو ئەدەبێ ئەڵمانییەوە و پانتایی بابەتی ئەدەبی ئەڵمانی بەرینتر دەکات.

ئەم ڕۆمانە، چاپخانەی یونگ ئوند یونگ، بەقەبارەی ٤٤٠ لاپەڕە چاپی کردووە.

**یۆرگ ماگناو: بەڕێزتان ساڵی ١٩٦٩ لە ڕۆژهەڵاتی بەرلین لە دایکبوون، باوکتان کوردە، بەڵام ئەڵمانی زمانی دایکتانە. کەوابێ ئێوە بێرلینییەکی کوردن بە باکگراوندێکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە. ئەوە شتێکی ناوەزەیە. ئێوە خودی خۆتان چۆن دەبینن؟**

شێرکۆ فەتاح: بۆ من ئەوە شتێک نییە مشتومڕی لەسەر بێت، من نوسەرێکی ئەڵمانم. لەڕاستیدا ڕەچەڵەکی خۆمم کردووەتە تێمی نوسینەکانم، بەڵام ئەوە بۆ من هێندە گرنگ نییە، وەک بۆ نوسەرانی دیکەی کە ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ نەوە پەناهەندەکان. من هەوڵدەدەم دووریەک بخوڵقێنم لەنێوان خۆم و ڕەچەڵەکمدا و بەچەشنێک کە بەپیتییەکی ئەدەبی لێ بکەوێتەوە.

**یۆرگ ماگناو: کتێبەکانی ئێوە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بەسەرهات و گەشتەکانی خۆتاندا دەژین لەو وڵاتەدا. ئایا بەدواداچوونەکانتان چۆن بەئەنجامدەگەیەنن؟**

شێرکۆ فەتاح: لەگەڵ خەڵکیدا قسەدەکەم، چیرۆک کۆدەکەمەوە، بێگومان ئەو شتانە لێرەش دەکەم، کاتێک لێرە تووشی خەڵکی ئەوێ دەبم. باوکم شتم زۆر بۆ باسدەکات، هەروەها خزم و ناسیاوی دیکەش. هەمیشە خۆم بۆ ئەو چیرۆکانە ماتداوە. ئیدی پەیتا پەیتا بەسەرهاتی گەشتەکانم لەگەڵ ئەزمونی گێڕانەوەکانی خۆمدا تێکەڵدەبن. لەو ڕێیەوە شتەکان هەمووی قاڵبێکی ئەدەبی وەردەگرن. ئەو وڵاتە هەمیشە بەو شێوەیە هاتووەتە پێش چاوم: وەک تێکەڵەیەک لەو شتانەی کە خزم و ناسیاو و خەڵک بۆیان گێڕاومەتەوە، لەگەڵ ئەو شتانەی کە خۆم بینیومن ، دواجار لەگەڵ ئەو شتانەشی کە بۆ من مانایەکی گەورەتریان هەبووە، وەک لەوەی لە خودی ئەو شوێنە دەرکەوتوون.


**یورگ ماگناو: ئێوە لەڕێی کەریمەوە، لەڕێی لاوە پاڵەوانی ڕۆمانەکەتانەوە «کەشتی تاریک» بەشداریەکی ڕاستەوخۆتان لە ژیانی ئەوێدا هەیە.**

شێرکۆ فەتاح: بۆئەوەی دووریەکەی خۆم بپارێزم، کاراکتێری کەریمم بە کەسێکی دوورەپەرێز داناوە. کەریم بەهۆی ڕەچەڵەک و خێزان و دۆخی تایبەتی خۆیەوە لە چوارچێوە ئاساییەکان دێتەدەرەوە. ئەو لەسەرەتای چیرۆکەکەدا زۆر قەڵەوە. ئەوەش لەڕێی زێدی باوکە عەلەویەکەیەوە ڕووندەکرێتەوە - ئەوە لە باکوری عێراقدا شتێکی زۆر دەگمەنە. هەر هێندەش نا، بەڵکو مەسەلە باوەڕ و سەختی ژیانە لە کۆمەڵگەکەدا، کە تیایدا باوەڕ و نەریتە کلتوریەکان هێند بەهێزن، کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ هەست بە دوورەپەرێزیەکەی کەریم دەکات.

**یورگ ماگناو: کەریم تامەزرۆی ئەوەیە لەدوورەپەرێزی ڕزگاری بێت. کاتێک جەنگاوەرەکانی خودا دەیفڕێنن، کار دەگاتە ئەوەی لەپشت ئەوانەوە هەستێکی خۆماڵی تیادا تەشەنەبکات. نەوەک هەر لەترساندا، بەڵکو بەهۆی ڕەزامەندی خۆیەوە، ئەویش لەگەڵیاندا دەبێتە جەنگاوەر. چی شتێک ئاوا فریوی دەکات؟**

شێرکۆ فەتاح: کەریم کەسایەتییەک نییە بۆ ئەوە دروستبووبێت بپەڕێتە ناو ئەو جۆرە بازنانەوە، هەروەها کەسێکیش نییە بۆ توندوتیژی و زەبروزەنگ

**لەبەرئەوەی ئەدەب کامێرا بەکارناهێنێت، بەڵکو لەسەر زمان ئیشدەکات. من باس لە ڕووداوێکی مێژووی زۆر دێرین ناکەم، کە مرۆڤ بەهیچ چەشنێك بەشداری نەبووبێت. ئەوە بۆ من گرنگە کە لەسەر هەمان ئاست لەگەڵ ڕووداوەکاندا بنوسم**














دروستبوو‌بێت، بەڵام ئەو بە جۆرێك لە جۆرەکان کەسێکی بێ پشتیوانە. ئەو بڕیارنادات، خەڵکی بکوژێت. گەر پێی وترابا چی لە پێشیدایە، ئەوا ڕەنگبوو هەرگیز ئەوەی نەکردایە. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا، تێوەگلانی تاکەکەسێکە و لەگەڵ ئەوەشدا دۆڕاندنی دەسەڵاتە لەسەر بڕیاردان.

**یورگ ماگناو: ئێوە ژیانی جەنگاوەرەکانی خودا هێند بە کتومتی وەسفدەکەن، وەک ئەوەی خۆتان لەسەر شاخەکان سەردانی خێوەتگاکانیانتان کردبێت. ئایا چۆن خۆتان لەو تیمە بەو چەشنە نێزیک کردەوە؟**

شێرکۆ فەتاح: ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆیشتم بۆ باکوری عیراق بۆ لای باوکم و ئەوکات بەدواداچوونەکانی خۆمم بۆ ڕۆمانی «کەشتی تاریک» دەستپێکرد. من لەوێ تووشی خەڵکانێک بووم، کە دژی ئەو جەنگاوەرانەی خودا جەنگیبوون. شوێنپێ هەڵگرتنەوەی ئەو مەسەلەیە کارێکی قورس نییە، چونکە ئەو حاڵەتە لەوێ کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە، بەهەرحاڵ ئەو کاتەی من لەوێ بووم بەو جۆرە بوو. ڕۆژی ئەمڕۆ تیرۆریزمی سیاسی لە مارشێکی زۆر مەزنتردایە، بەڵام ئەوکات ئەو جەنگاوەری باوەڕانە لە ئارادابوون، کە پاشان پەلاماری ئەمەریکییەکان پاشەکشێیان پێکردن. ئەوە شتێک بوو کە سەرنجی منی ڕاکێشا. ئیدی دواجار نوسینەکەی منیش مەسەلە سەرنج و خولیایە، نەوەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی سیاسی یاخود دەرونی. کتومت ئەوەیە کە گێڕەرەوەکە هێند قووڵ بەناو هەرێمەکاندا کێشدەکات.

**یورگ ماگناو: ئێوە خۆتان و خوێنەریش دەدەنە بەر حەملەیەکی گەورەی زەبروزەنگ، بەهیچ چەشنێک لەوە نەسڵەمیونەتەوە کە باس لە ڕەمیکردنێکی بێڕەحم بکەن، یاخود لە پەلامارییەکی خۆکوژی، کە لەسەر**

**مەیدانێکی ناو بازاڕدا ڕوودەدات. ئایا ئەوە کارێکی ڕێپێدراوە؟ ئایا ئەدەب بۆی هەیە کامێراکەی خۆی لەسەر ڕووداوەکە ڕاگرێت، لەکاتێکدا تەلەفزیۆن شتێکی ئەوتۆ نیشانی بینەران نادات؟**

شێرکۆ فەتاح: بەڕای من بۆی هەیە، لەبەرئەوەی ئەدەب کامێرا بەکارناهێنێت، بەڵکو لەسەر زمان ئیشدەکات. من باس لە ڕووداوێکی مێژووی زۆر دێرین ناکەم، کە مرۆڤ بەهیچ چەشنێک بەشداری نەبووبێت. ئەوە بۆ من گرنگە کە لەسەر هەمان ئاست لەگەڵ ڕووداوەکاندا بنوسم. ئیدی ئەوەشی لەگەڵدا دەبێت هەواڵی ئەو تەقینەوانەی کە وەک ڕیتمێکی ڕۆژانە دەمانگەنێ شتگەلی دیکەیان لەپاش بیت. کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی دواتر هەبێت. پاشماوەی ئەوە لە ئارادایە کە بە حەوادا پەڕیوە. گەر من وەک نوسەر ئەوەی لێ لادەم، ئەوا لە ڕووی زمانەوە کتومت هەمان شت بەرهەمدەهێنم کە هەواڵەکان بەرهەمیدەهێنن، تەنها چەند وێنەیەکی تەقینەوە و دووکەڵ، کە هیچ پشکنینێکی سەبارەت بە ڕووداوە ڕاستەقینەکە تیادا نییە. خۆی لە خۆیدا نەمدەویست هەموو ئەو شتانە لە واقیعیەتێکی هێند ڕووندا نیشانبدەم، بەڵام لەو شوێنانەدا کە پێویستی بەسەریاندا تێناپەڕم، لەبەرئەوەی سوودێکی گەورەیان هەیە بۆ تێگەیشتن. سەیروسەمەری و بەمێشکدا نەچوونی بڕیارەکە بۆ بەگەڵکەوتنی جەنگاوەرەکانی خودا کاتێک ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ پێ دەزانیت چی دەکەن و چی ناکەن. کارەکە تەنها لەوەدا نییە ئایدۆلۆژیایەک، قسەگەلێک، خوتبەیەک بگەیەنیت. خۆ من خۆشم هەر ئەوە دەکەم، بەڵام پێویستە بزانیت ئاخۆ ئەو مرۆڤانە بەچی شتێک پڕچەک دەکرێن. بۆ ئەو مەبەستەس پێویستە ئەندازە و سنووری کارەکانیان بزانیت.

**شێرکۆ فەتاح**

-لە ساڵی ١٩٦٤ لەڕۆژهەڵاتی بەرلین وەک کوڕی باوکێکی کورد و دایکێکی ئەڵمان لەدایکبووەو هەرلەوێش گەورەبووە.

-خێزانەکەی لەناوەڕاستی حەفتاکاندا ڕوودەکەنە ڕۆژئاوای بەرلین و لە وێ فەلسەفەو مێژووی هونەر دەخوێنێت، بەڵام عێراق هەمیشە وەک خاڵێکی پەیوەندی لە ناو ژیان و بیرکردنەوەی شێرکۆ فەتاحدا دەمێنێتەوە. باوکیشی هەمان بیرکردنەوەی هەبووەو هەر ئەوەشە وای لە باوکی کردووە بگەڕێتەوەبۆ عێراق.

- (گەشتی تاریک)ی ڕۆمانێکی نوێی شێرکۆ فەتاحەو بەئەڵمانی نووسیویەتی و هەر لە ئەڵمانیاش چاپ و بڵاوکراوەتەوە. - تا ئێستا سێ ڕۆمانی لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.




شانۆنامە